# ڕوونكردنەوەیەك لە سكرتاریەتی كۆمیتەی ڕابەری ڕێكخراوی كوردستانی حككع

## دەربارەی هەواڵێكی ناڕاستی ڕۆژنامەی چاودێر

لە ژمارە 78 رۆژی دووشەممە بەرواری 22 /2006/5 ڕۆژنامەی چاودێر، بەمانشێتی گەورەو لەلاپەڕەی یەكەمیدا،هەواڵێكی بلاوكردۆتەوەو دەڵێ"حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری دژایەتی دەركردنی تەعریب دەكا" پاشان لەدرێژەیدا دەنوسێت:

" لەكۆبونەوەیەكدا كە هەفتەی ڕابردوو لەبارەگای پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستان، لەشاری سلێمانی بەڕێوەچوو، حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری دژی دەركردنی تەعریب دەوەستێتەوەو نوێنەرەكەیان پێیوابووە كە پارتی و یەكێتی دوو حزبی نائینسانین، چونكە دەیانەوێ عەرەبەكانی تەعریب لەناوچەكانی كەركوك دەربكەن........" وە لەكۆتایی هەواڵەكەشدا ئەنوسێت:

" هەر لەو كۆبونەوەیەدا كە پارتی چارەسەرو پارتی سەربەخۆخوازانی كوردستانیش بەشدار بوون .....پارتی چارەسەری هەوڵیداوە ئاڕاستەی كۆبونەوەكە بە سیاسەتی pkk دوە ببەستێتەوە، بەلأم نوێنەری كۆمۆنیست ئەو هەوڵەی ڕەتكردۆتەوە"

ئیمە ڕایدەگەینین كە ئەم هەواڵەی ڕۆژنامەی چاودێر سەرتاپای درۆیەو هیچ ڕاستیەكی تیانیە. چونكە هیچ كۆبونەوەو دانیشتن و دیدارو دانوسانێك لە نێوان ئێمەو ئەو لایەنانەی كە ناویان هاتووە، ڕووینەداوە.. ئەمە سەرباری ئەوەی كە حزبی ئێمە بۆ چارەسەری مەسەلە سەرەكیەكانی كوردستان و هەڵوێستمان بەرامبەر بە پارتی و یەكێتی بەگشتی و كەركوك بەتایبەتی، سیاسەتی ڕۆشن و ڕاگەیەنراوی ئاشكرای خۆمان هەیەو تائێستا ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتووەو لەسەر هەمان سیاسەت ئەڕۆین. وە ڕایدەگەیەنین كە حزبی ئێمە بە پێی ئوصوڵی خۆی ئەگەر هەر مەسەلەو سیاسەت و تەوافقاتێكی سیاسی هەبێت لەگەڵ هەر لایەنێكدا لە پەیوەند بە كۆمەڵگاوە، ئەوا ڕاشكاوانە بۆ ڕای گشتی رایدەگەینین.

**سكرتاریەتی كۆمیتەی رابەری ریكخراوی كوردستانی**

**حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق**

2006/5/22

Email: zmnaco@yahoo.co.uk
Tell : 0770 152 1852 & 0730 153 2201
Efax : 0044 870 138 2719